

دەریـا ڕەوانـدزی

# شەپۆلەکانی دەریا

1
کاتێك بانگت کردم
بۆ یەکەم دیداری ئەوین
دەستم نەخستە نێو دەستت و
نەهاتم بۆ لات
تکام وایە
نەفرەت نەکەی.
لە بونی من،
چونکە زۆر کات
نەفرەتی مەرگ
بە تامەزرۆوە
پێشوازی لێکردوم
تکام وایە
سەرزەنشتم نەکەی،
چونکە زۆر کات
باڵندەی ماندوو شەکەت
لەسەر شانم نیشتۆتەوە
2
زۆر کات ئەو وێنانەی
کە بۆنی تۆیان گرتوە
دێنە پیش چاوم
لە تەکیاندا دەکەومە دەم و دو......

3
زۆر جار...
لێوی سورم
تێنوی ئەوینی تۆیە
هەر دەنگێ دەبیستم
وا دەزانم
ئاوازی حەزینی
دڵی تۆیە بەرەو
ژوورەکەم دێ
بێدەنگ دەبم
گوڵەکانی نێو ئینجانە
خۆیان ئارایشت دەکەن
وا دەزانن
ترپەی پێی باران
هەنگاوەکانی تۆیە بەرەو
ژووان دێ
لەدەرگا را دەمێنم
تەنها "با"
لەدەرگا دەدات.
4
هەر کەسێ
بەلای دەریا تێپەڕێ
دەزانێ
شەپۆلەکان
ئاوازێکی چەند حەزین
بۆ هاتنی کەشتی دڵ دەژەنن
تۆ...نەبی
نە شەپۆلی ناخی دەریا دەبیستی
نە هەنگاوێك نزیك دەبیتەوە!.
5
باڵندەکان دێن و
هەواڵی هاتنی کەشتیم پێدەدەن
نازانن چاوەڕوانم
لەبڕێ کەشتی
تۆ...دەرکەوی
ئەی قەرار نەبوو
ئێوارەیەك...
تێنوێتی دڵی دەریا
بەشیرینی ماچێك
بشکێنی؟!.

6
وەرە...
رەنگەکان بدۆزەرەوە
زۆر رەنگ ماون
لەدەریا بدۆزرێنەوە
حەز دەکەم
تۆ بێیت و
جیهان بەجوانی دەریا
سەرسام بکەی و
بۆ هەتایە ناوی تۆ
لەگەڵ دەریا ئاوێتە بێ
چەند خۆش دەبێ
دەستی "با" بگری و
دەریا بە سەما بێنی؟!.
7
حەزم دەکرد
پەروانەیەك بی
هەموو سپێدەیەك
شیلەی لێوم
لەبری شیلەی گوڵ هەڵمژی
چەند خۆش دەبوو
شەوت لەسەر پەڕەی لێوم
بەرۆژ ئاشنا بکردبوایە!.
8
توانەوە
لەحەرفەکانی ناوی تۆ
وەك مانگ دەبێنم
لەئاسمانێکی بێسنور
شانازی بەخۆی بکات
منیش ئاسمانێکی فراوانم
تەنها تۆ شك دەبەم
بدرەوشێیتەوە!.
9
جارێکی تر
تەفسیری خەون
بۆ ئەو ماسیانە ناکەم
بەبێ ئیزنی تۆ
لێم دەڕوانن!.

10
چی دەبوو
گەر کراسەکەی بەرم
ڕێي کردایە
خۆ من وەك دارستانی (ئەمازۆن)م
گەلێ چڕم
پڕ لە داری باڵا بەرزم
هەرچەند بە رۆژو شەو
دەسوڕێمەوەو دەگەڕێم
شوێن پێی خۆم نادۆزمەوە
وەلێ بیرو بۆچون و خۆشیەکانم
هەر زیندون!.

کەنەدا/ئەلبێرتا
دەریا ڕەواندزی